سودانی: عێراق لە هەوڵەکانیدا درێغی ناکات لە پێناو بەدیهێنانی ئاگربەست

ئەمە هەینیە"موحەممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیرانی عێراق، جەختی کردەوە کە عێراق درێغی ناکات لە هەوڵەکانی لە پێناو بەدیهێنانی ئاگربەستدا.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە : "موحەممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لە "ئیمانوێل ماکرۆن" سەرۆکی فەرەنسا پێگەیشت، کە تێیدا تاوتوێی دواین پێشهاتەکانی دەخی ناوچەکە و ئەو هەوڵانە کرا کە دەدرێن بە ڕاگرتنی چالاکییە سەربازییەکان کە دوای دەستدرێژی بە سەر کەماری ئیسلامیی ئێران دەستیان پێکردووە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە :"سوودانی " ڕوونیکردەوە کە عێراق لە هەوڵەکانی درێغی ناکات بە بەدیهێنانی ئاگربەست و کۆتاییهێنان بەو شەڕەی کە فراوان بووە و بووەتە هەڕەشە بە سەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، هەروەها دووپاتی کردەوە کە عێراق ئەو پێلامارە ڕاشکاوە ڕەت دەکاتەوە کە سەروەریی عێراقی کردە ئامانج و بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەک لە ڕێزەکانی هێزە ئەمنییەکانمان لە حەشدی شەعبی، ئەوەش بە مەبەستی تەکەڵەکردنی کاغەزەکان و تەکدانی ئاشتیی کەمەایەتی کە بە هۆی قوربانیدانی عێراقییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەدیهاتبوو.

سەرۆک وەزیران هاوسۆزی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە قوربانیانی فەرەنسی لەو هێرشی لە پارێزگای هەولێر

بوونیان هەیە، لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش،و جەختی لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بە ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ئامانجگرتنە کردەوە.

لە بەرامبەردا،سەرکی فەرەنسا پشتیوانیی خۆی بە ئەو هەوڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە دەربڕی کە هەوە دەدەن بە ڕاگرتنی شەڕ و ڕێگریکردن لە خراپتربوونی دۆخی ئەمنیی،و جەختی لە ڕێی محوەریی عەراق کردەوە لە ئاسانکاریکردنی ئەم تێگەیشتنانە، کە بە ئەرێنی بەسەر سەقامگیریی ناوچەکەدا دەشکێتەوە،هەروەها ئاماژەی بە پێویستیی بەردەوامیی هەماهەنگیی دوولایەنە لەم بوارەداکرد.